ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# نەخێر شێخی بەڕێز

فاضل قەرەداغی



لە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٣٦٠٥ لە ٢٠٠٥/٢/٢٤ ، هەواڵی سەردانی وەفدێکی کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی مامۆستا شێخ محمد بەرزنجی بۆ لای مام جەلال بلاوکرایەوە. کوردستانی نوێ قسەیەکی مامۆستا شێخ محمدی هێناوەتەوە بەم جۆرە: سوپاسی پشتگیریی و رێنوێنییە بەسوودەکانی هەڤاڵ مام جەلال و سەرکردایەتیی ی.ن.ك ی کرد کە کاریگەریی باشیان هەبووە لەوەی کۆمەڵی ئیسلامی بتوانێت خۆی لەگەڵ هەلومەرجە نوێکاندا بگونجێنێت و کەڵکیان لێ ببینێت.

ئەگەر ئەم قسانەی لە کوردستانی نوێدا بلاوبوونەتەوە راست نەبن پێویستە مامۆستا روونکردنەوەی خۆی بلێت بەلام ئەگەر راست بن و مامۆستا ئەو قسانەی کردبێت پێویستە بۆ مێژوو چەند قسەیەك بکەین. ئەو قسانەی بلاوبوونەتەوە ئەوەن گوایە کۆمەڵ بە رێنماییەکانی یەکێتی توانی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیە مامەڵە بکات. ئەم قسەیەش نەك تەنها راست نییە بەڵکو شێواندنی مێژووەو بچووککردنەوەی کۆمەڵە. ئەوەی من شایەتی لەسەر دەدەم بۆ مێژوو کە کۆمەڵی ئیسلامی لەوەتی دروستبووە خۆی رووبەڕووی کۆمەڵێك پیلان بۆتەوە کە چەند لایەك کردبوویان و لەبەر هەندێك ئیعتبار وردەکارییەکانی و ئەوانەی دەستیان تێیدا هەبووە بۆ دوارۆژ هەڵدەگرم. من بە حوکمی ئەوەی وەرگێڕانی ئینگلیزیم دەکرد ئاگام لە بەشێکی ئەو پیلانانە بووم. ئەو رۆژانەم بیر دێ کە ئەوانەی نامەوێ ئێستا ناویان بنێم پیلان لە دوای پیلانیان بۆ کۆمەڵ دادەڕشت تا لای ئەمەرکییەکان قاچاخ بێ و ئەو کاتانەم لە بیر ناچێ کە چەندین نامەم بە ئینگلیزی دەنووسی بۆ چەند لایەك لەبارەی ئەو شتانەی بەرامبەر کۆمەڵ دەکران.

بەکورتی ماوەیەك بوو هەر خەریکی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان بووین، شتێك کە ئەگەر بۆ فلمی سینەمایی نەشێت بە تەئکید بۆ یادداشتی رۆژانی سەخت شیاو و گونجاوە. ئینجا ئەو رۆژەم چۆن لەیاد دەچێت کە بەپەلە ناردیان بەدوامدا چونکە کێشەیەکی گەورە روویدابوو و حاڵ گەشتە ئەوەی ئەفسەرێکی ئەمەریکی بە سەرکردایەتی کۆمەڵ بلێت ئێوە درۆ دەکەن و حاڵ بگاتە هەڕەشەیەکی جیددی؟ پاش رۆشتنی ئەفسەرەکان گەشتمە جێ و ئەو کاغەزەم خوێندەوە کە پێشتر ئەفسەرێکی تری ئەمەریکی نووسیبووی و ((بەرائەت))ی کۆمەڵی تێدا بوو. وەکو وتیشم ناوی کەس نابەم و ئەمە بۆ دوارۆژ هەڵدەگرم بەلام بەش بە حاڵی ئێستا نەنووسینەوەی مێژوو واتای بێدەنگ بوونە لەو لێدوانەی کە قسەنەکردن لەسەری بە تاوان دەزانم. هەروەها ئەوەش دەڵێم ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ کۆمەڵدا کرا لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلاتدار مەردانە نەبوو چونکە هەردوو هەوڵیان دەدا کۆمەڵ بخەنە سووچەوە ئیتر چۆن قبوول دەکەم ئەو سیاسەتەی کۆمەڵ گرتبوویە بەر بکرێتە چاکەی کەسانی تر.

سەرەڕای ئەو بێتاقەتییەش کە کۆمەڵ تووشی کردبووم ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی لە هەندێ شتی گرنگ (وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی ، ئیشی ئینتەرنێت..) بەلام هێشتا ئەو ئیعترافەم دەکرد کە کۆمەڵ لەو ماوەیەدا سیاسەتێکی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

زۆر حەکیمانەی گرتبووە بەرو ئەو سیاسەتە حەکیمانەیەیە که کۆمەڵی گەیاندە ئەو رۆژەی بێ ئەوی چاوی لە دەستی کەس بێت ئەو هەموو دەنگە لە هەڵبژاردنەکاندا بهێنێت (پاش هەموو تەزویرێکی زۆری دوو حزبی دەسەڵاتدار) کە ئەگەر بۆ خەڵکی موفاجەئە بوو بۆ خۆم موفاجەئە نەبوو چونکە پێشبینیم کرد سەد هەزار دەنگ بەرەو ژوور بهێنێت و ئەوە بوو پاش تەزویرو خروقات ٨٥ هەزار دەنگی بۆ پەرلەمانی کوردستان هێنا.

لەبەر ئەوەش کە باس هاتە سەر دەنگەکان حەز دەکەم کەمێك لە بابەتەکەم لا بدەم و ئەو راستییە بڵێم کە سەرکردایەتیی کۆمەڵ حاشای لێ ناکات ئەویش کە بەشێکی زۆر لەوانەی دەنگیان بۆ کۆمەڵ دابوو ئەندامی کۆمەڵ نەبوون و ئەوانە ئیسلامی یان ئیسلامیی سەربەخۆ بوون کە ئەو منجەمنجەی یەکگرتوویان بەدڵ نەبوو سەبارەت بە مەسەلە عەقیدەییەکان، هەروەها دژ بەوە بوون کە یەکگرتوو چووبووە لیستی پارتی و یەکێتی. جگە لەوەش باوەڕم وایە کەسانی یەکگرتوو هەبوون دەنگیان بۆ کۆمەڵ بۆ پەرلەمانی کوردستان و عیراق دابوو هەرچەندە بەو جۆرە نییە کە هەندێ کەس بۆ تەشویش باسیان کردبوو و ئەو یەکگرتووانە ئەوەیان سەربەخۆ کردبوو و بێ تەوجیه لەسەرەوە کردبوو[1]، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش کە تەنها نوێژکەر بوون و لەبەر لایەنە ئاینییەکەو لەبەر بێزاری لە دوو حزبی دەسەڵاتدار دەنگیان بۆ کۆمەڵ دا، بڕواشم وایە تەنانەت نوێژنەکەریش هەبوون دەنگیان بۆ داوەو بەو جۆرە تەنها بەشێکی ئەو دەنگانە هی ئەندامانی کۆمەڵ[2]، ئینجا لەمەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵ ئیلتزامی هەیە بەرامبەر بە یەکە بەیەکەی ئەوانەی دەنگیان بۆ داوە، کۆمەڵیش قەرزاری هەموویانە بۆیە نابێت رەفاقەتی دوو حزبی دەسەڵاتدارو دانیشتن لەگەڵیاندا تێکی بدات و وای لێ بکات رەنگ و خوو و ئەخەلاقیان وەربگرێت.

ئیلتزامی یەکەم بەرامبەر ئەندامانی کۆمەڵە کە ئەو رۆژە سەختانەیان بینی لە بەرکەنار کردن و ترساندن و گرتن و پڕ کردنەوەی بەرائەت لە کۆمەڵ بە کەفالەتی ١٤ هەزار دیناری سویسری، کە هەمو ئەم ناڕەحەتییانەیان بۆ دەستکەوتێکی ماددی نەچەشتبوو بەڵکو وەك قەناعەتێکی ئیسلامی کردیان ئێستاش نابێت رەنجیان بدرێ بە باداو لەسەر حسابی بیروباوەڕ رووپامایی بۆ دوو حزبی دەسەڵاتدار بکرێ ، ئلتیزامی دووەم بەرامبەر بە کەسانی دینداری ناحزبی ، سێیەمیش بۆ ئەوانی لەداخی رەفتاری دوو حزبی دەسەڵاتدار دەنگیان بە کۆمەڵ دابوو. پێویستە کۆمەڵ قەرز هەموو ئەوانە بداتەوە، قەرزەکەش شتی ماددی نییە چونکە کەس لەوانە بەتەمای دەستکەوتێکی ماددی نەبووە لە حزبێك بەرکەنار کراوەو بەر لەماوەیەك نەفەری دەگیرا (با ئەوەش بزانین کە زۆر لەوانە بەترسەوە دەنگیان دابوو). قەرزدانەوەکە بەوە دەبێت ئەو قەزییەی ئەوان لەبەرخاتری دەنگیان بۆ کۆمەڵ داوە خیانەتی لێ نەکرێت.

ئیتر نازانم بۆچی لە کاتی تەنگانەدا سیاسەت حەکمیانە بوو و کاتی سەرکەوتن کە لایەنەکان لەکۆمەڵ نزیك بوونەوە سیاسەت بووە ماستاوکردن؟

---

[1] ئەوەی رۆژنامەی هەواڵ بڵاویکردەوە گوایە ئێران فەرمانی بە یەکگرتوو و حسك داوە دەنگ بۆ کۆمەڵ بدەن نەك تەنها راست نییە بەڵکو لە فلمی کارتۆن دەچێت: ئێران فەرمان بۆ ئەو دوو حزبە دەردەکات، ئەوانیش سەمعەن و تاعەتەن دەڵێن و لە سەرکردایەتییەوە فەرمان بۆ ئەندامانی خوارەوە دەردەچێت و کەسیش نەڵێت نەو و کەسیش بەمە نەزانێت رۆژنامەی هەواڵ نەبێت!

[2] ئەمە (لەگەڵ ئەو پێشبینییەی خۆم سەبارەت بە ئەنجامەکانی کۆمەڵ لە هەڵبژاردندا) لە خۆپیشاندانەکەی هەولێرو سلێمانی دەزانم کە بۆ بەردانی مامۆستا عەلی باپیر سازدران کە لەناو ئەو کەسانەی هاتبوون تەنانەت ئافرەتی بێ لەچکیش هاتبوون و تەنانەت کەسێکم بینی لەو برا سەلەفیانەی تەنزیماتی ئیسلامی بە حەرام دەزانن.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پیگەی زاگرۆس

هەڵەی یەکەمی کۆمەڵ پێش هەڵبژاردن بوو کاتێك ویستی بچێتە ناو لیستەکەی یەکێتی و پارتی بەڵام خوایە سەد شوکر، شایەتی دەدەم تۆ حەکیمتری.. دوو حزبەکە قبووڵیان نەکرد. رەنگە پاساوی کۆمەڵ ئەوە بووبێت هێشتنەوەیان لە دەرەوەی لیستەکە مانای بەرکەنارکردنیان بوو بەڵام ئەم جارەیان سەرکردایەتیی کۆمەڵ سەلماندی حەکیم نەبوو و هەڵبژاردن سەلماندنی خێر لەوەدا بوو کە بە تەنیا چوونە ناو هەڵبژاردنەکە، دڵنیاشم کە یەکگرتوو ئێستا کاڵەکی رەق بە ئەژنۆی نەرم دەشکێنێ کە بە تەنیا نەچووە هەڵبژاردن و ئەگەر خودا ئەو کاتە بەدڵی کۆمەڵی بکردایە دەبوا بەشێکی ئەویش خەریکی کاڵەك شکاندن بوایە.

بگەڕێمەوە سەر لێدوانەکەی مامۆستا شێخ محمد و ئەوە بڵێم کە پەیوەندیی کۆمەڵ و یەکێتی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیبوو کە خۆم ئاگام لە هەموویان بوو جگە لە قۆناغی دوایەمین کە مرۆڤ هەق بڵێت لەم دواییەدا یەکێتی مانگانە پارەی بڕییەوە بۆ کۆمەڵ (٧٥ ملیۆن دیناری چاپی نوێ= ٥٠هەزار دۆلار= بودجەی دەزگایەکی بچووکی یەکێتی)و ژمارەیەك پۆلیسی بۆ دامەزران (دواتر دەرکران بەڵام دوای ئەوە ئەوانەی مەرجە یاساییەکانیان تێدا بوو گەڕێنرانەوە)، دامەزراندنی پۆلیسیش کەمترین شتە بۆ حزبێك بکرێت کە کاتی خۆی خاوەنی سێیەم میلیشیا بوو لە کوردستان. بەدەر لەمانەش بەرکەنارکردن هەر مابوو ، ناڕەحەت کردنیش لە هەندێك شوێندا هەر مابوو، بەتایبەتی لە هەڵەبجەو هەورامان. لەگەڵ ئەوەشدا وەزع لە جاران باشتر بوو. سەبارەت بە رۆژانی سەختیش با یەك دوو شت وەك بەرکولێك بۆ مێژوونووسینێك لە دوارۆژدا بگێڕمەوە:

لەدەوروبەری ئەو کاتەی رژێمی سەددام روخا لەپڕو بێ هۆ هەڵمەتی گرتن دەستی پێگرت و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵ و ئیسلامیی سەربەخۆ و ئەوانەی گومانی ئیسلامییان لێ کراو تەنانەت نوێژکەرانی نائیسلامی گیران. بینای ئاسایش پڕ ببوو و ئەوانەی گیرابوون گێڕایانەوە چۆن ژوورەکان پڕ ببوون و ژمارەیەکی زۆر خرابوونە حەوشەو پێیان وترا بەچیچکان دانیشن و سەیری زەوی بکەن و سەر بەرزنەکەنەوە. ئەمانە لە عەسر تا شەو مانەوەو کاتی خەو پێیان وتن هەر لە شوێنی خۆتان پاڵبکەون. ئایا ئەمە رێنمایی بوو بۆ هەڵسەکەوت لەو قۆناغە نوێیە؟

ماوەیەك دوای لە کۆمەڵیان هەڵپێچاو وتیان پێویستە مزگەوتی جیهادو مەڵبەند (کە لەراپەڕینی ١٩٩١ بە شەڕ گیرابوو) چۆڵ بکەن چونکە بینای حکومییە ئەمە لەکاتێکدا خۆیان بارەگای حزبییان هەیە لەناو بینای حکومیدا (مەڵبەندی یەکێتی لەسەر شەقامی سەرەکیی سالم، مەکتەبی رێکخراوە "دیموکراتییەکان" لەسەر هەمان شەقام..تاد) ئێمە ئێمەیلمان بۆ هاری شووت یان جێگرەکەی نارد و ئەوان وتیان ئیشمان بە بیناکەی ئێوە نییە، ئاخرەکەی هێندە قسە لەگەڵ ئەمەریکییەکان کرا (ناب) کە بەرپرسێکی گەورەی ئەمەریکییە لە مووسڵەوە وەکو هەڕەشە نامەی نارد کە دەبێت بە خێراترین خۆی وتەنی "سەنتەری جیهاد" چۆڵ بکرێت، دوایی ئەمەریکییەکانیش نەهاتنە ناوی[٣].

---

[٣] پارتی لە هەولێر بەهەمان جۆرە بارەگاکەی سەندەوە (بەشێکی کۆمەڵی تێدابوو و بەشێکی بزووتنەوە). لەو بارەگایەش ژمارەیەك خێزان هەبوون کە پارتی بەڵێنی دابوو قەرەبوویان بکات بەڵام کە چۆڵیان کرد پێیان وترا بچن بۆ لای کۆمەڵ با ئەوان شتێکتان بدەنێ! ئەم ئیشەی پارتی خراپتر بوو لەبەر چەند هۆیەك: کاتێك تورکیا هەڕەشەی لە پارتی کردبوو تەنها مامۆستا عەلی باپیر نامەی ئاشکرای پشتگیریی بۆ مەسعوود بەرزانی ناردو کەسی تر هەڵوێستی لەم جۆرەی نەبوو، بەڵکو هەبوو مەرایی بۆ تورکیا دەکرد. پێش ئەوەش لە قۆناغێکی شەڕی پارتی و یەکێتی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو(کە بەشێکی گەورەی ئێستا لەناو کۆمەڵدایە) هاوپەیمانی پارتی بوو.. پارتی کاتێك بەهێز دەبێت هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

شتێکی تریش هەیە ئەگەر بیگێڕمەوە زۆر سەیر دەبێت لاتان بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکێك زەرەرمەند دەبن هەڵیدەگرم بۆ دوارۆژێکی رەنگە دوور.

تا ئێستا هیچ رێنماییەمان نەبینیوە. تا ئەم نووسینەشم نەبۆتە مێژوونووسینێك بە وتارەکەی مام جەلال کۆتایی بە نموونەکان دێنم. کاتی ئەو وتارەی مام جەلال مەسەلەی دڵشاد کەلاری (ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ) هەبوو کە ئەمەریکییەکان چوون بیگرن ئەویش بەتۆمەتی ئەوەی کاتی خۆی هاوکاریی ئەنساری کردبوو. مام جەلال قسەی بۆ خەڵکێکی زۆر دەکردو باس هاتە سەر دڵشاد کەلاری و باسی کۆمەڵی کرد و وتی: جارێ دەڵین لە باقووبەیەو جارێ دەڵێن خەریکی کاسبییە، ئەم قسە هەلەق و بەلەقانەمان بۆ کێ دەکەن! تەلەفزیۆن ئەمەی پەخش کردو هێندەم بیر ماوە قسەکان بەڕەقی وتران و ئێستا دەقی تەواوی ئەو قسەیەم لەبیر نییە بەڵام "هەلەق و بەلەق" کەم چاك لەبیرە. بێگومان کوردستانی نوێ دەقەکەی بڵاوکردەوە.. ئیتر شێخی بەڕێز بەکام شێوازی زمانی کوردی رێنمایی ئەوەیە پێت بڵێن قسەی هەلەق و بەلەق دەکەی؟

دووبارەشی دەکەمەوە سیاسەتی کۆمەڵ لەو قۆناغەدا حەکیمانە بوو و رەفتاری ئەندامەکانیش مەسئوولانە بوو و سەبرو ئارامگرتنیان جێگەی شانازی بوو. کەسانی نائیسلامیش ئەو سیاسەتەی کۆمەڵیان بە سیاسەتێکی حەکیمانە زانیبوو ، تەنانەت برایەك بۆی گێڕامەوە کە بەرپرسێکی یەکێتی وتبووی ئێوە زیرەك بوون.

ئەمە رێنمایی کەسی تێدا نەبوو، شێخی بەڕێز ئەگەر وای بۆچووبووی کە ئەو قسانە سیاسییانەیەو حیکمانەیە بەڕاشکاوی پێت دەڵێم وا نییەو جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەمە جگە لەشێواندنی مێژوو خەت هێنانە بەسەر هەموو سەبرو خۆڕاگرتنی ئەندامان و دۆستان و بەسەر هەڵسوکەوتی ژیرانەی ئەو حزبەیەو بەسەر ئەو هەوڵەی لەو رۆژە سەختانە دابوومان بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵ و ئەندامانی لە هەر بەڵایەك و پاراستنی پیاو و ئافرەتی سەر بە کۆمەڵ یان ئەوانەی خزمی ئەندامی کۆمەڵن لە گرتن و راونان، دڵنیاشم کەس لە ئەندامان رازی نابێت ئەوەی کردی بەچاکە حزبێکی تر بزانرێت، کەسیش نا یەکێتی.

داوای لێبوردنیش لە خوێنەرانی ئەو پێگەیە دەکەم کە تا ئێستا هەوڵم دابوو شتێکی حزبی نەنووسم بەڵام ئەوانەی سەرەوە هەندێك راستی بوون کە ناکرێت مرۆڤ لەئاستیاندا بێدەنگ بێت، پاش هەموو شتێکیش ئەمە مێژووەو مولکی هەمووانە.